# ژیلەمۆ گەشەکانی ڕۆح

خاڵەبەکر

پەپولە بێ تروسکەکانی..،
خونچە شیعری ساتەکانی خامۆشیم..
هەنسکە پڕ حەسرەتەکانی تەنیاییم..،
دڵ نەوایێ شک نابەم و بێ ئۆقرەشم..
چاوی ماندووم چۆن هەڵبێنم..!
لێوی زەردی ووشکەوەبووم جارێکی تر،
لە کەنارلێوی پڕ میهری کامتانا ببزوێنم..
هوزاری دیلی سەرتاسەری چارەنووسم،
لەنازی فنجانی قاوەی "عەڕاف" یکا چۆن ببینم..؟
ئاونگە ئەشکی پاش سرەوتنیش سەبوریم نادەن..
شەرابی مەرگن میحنەتی دووری پێمی ئەنۆشن..!

* * *

ژیلەمۆ گەشەکانی ئەندێشەو هزرم..،
ئەمشەو زووتر هەڵەئاژێم*..
وەرنە خەوم ڕاتانموسم..!
کڵۆڵیشتان لەسەر سنگم بتەکێنن..،
وەرنە خەوم..
با، تاوێ بەنیگای پڕ مەبەست..
بەبێ دەنگی بۆ یەک بدوێین..
با چیتر خەو بەکڵۆڵیتانەوە نەبینم..!
لەبێ نازیتان چنرابێ..
لەگۆڕەپانی کوردوستانا..
لەژێر پێی سەرتاپا سوور لەخوێنی شەهیدا ڕاخرابێ..!

* * *

هەنسکە پڕ حەسرەتەکانی تەنیاییم،
شەوانی سامالّی هۆڵەندە تەماویە..
هەروەک ئاسمان و ئەستێرەکانی سلێمانی و منالّیە..،
کەرەمکەن..!
وەرنە خەوم..!
با تەمی تەمەن و لەیەک دووری بڕەوێنین،
با چیتر چاوەکانم،
نەبنە خۆراکی چاوەڕوانی و عاتیفەی بێ ڕەحم..
کەرەمکەن..!
ئەمشەو زووتر هەڵەئاژێم..
با بۆ دواجار چاوتان بکەم..!
نەبا جارێکی تر، ئێوەی پەرستگای بەحەقیقەت پێ نەبینم.
* * *
1998/12/16

*هەڵەئاژێم: دەخەوم.